مەحما خەلیل: حکومەتی هەرێم هیچ زانیارییەکی لەسەر بوونی هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق نییە

مەحما خەلیل، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لیستی پارتی دەڵێت: حکومەتی هەرێم هیچ زانیارییەکی لەسەر بوونی هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق بەتایبەتی لە دهۆک نییە.

مەحما خەلیل، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی میدیایدا وتی: "حکومەتی هەرێم هیچ زانیارییەکی لەسەر بوونی هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق بەتایبەتی لە دهۆک نییە"، دەشڵێت: دەستێوەردانی تورکیا و پەشێوی هێزەکانی لە خاکی عێراق و ناوچەی دهۆک، هیچ پەیوەندییەکی بە هەرێمەوە نییە، چونکە حکومەتی فیدراڵ بەپێی مادەی 109ـی دەستوور بەرپرسی بەرەنگار بوونەوەی هەڕەشەکانی تورکیایە.

شایەنی باسە، لەمساڵدا هێزەکان و سوپای تورکیا 833 هێرشیان بۆ سەر خاکی هەرێم ئەنجامداوە و بەوهۆیەوە هەشت هاووڵاتی شەهیدبوون لەنێوانیاندا دوو ئەندامی پێشمەرگە.

سەرەڕای هێرشەکانی تورکیا کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە بەردەوامە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیچ لایەنێکی ئەمنی و حکومی لە هەرێمی کوردستان ئەم هێرشانەی سەرکۆنە نەکرد سەرەڕای ئەوەی بووە هۆی کوژرانی دەیان هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان.